# پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- منی نارد بۆ یەمەن، فەرمانی پێمکرد کە: لە هەر سی مانگایەک؛ (گوێرەیەکی یەک ساڵ -زیاتر-) یان (مانگایەکی یەک ساڵ -زیاتر-)، ولە هەر چل مانگایەک؛ (مانگایەکی دوو ساڵ -زیاتر-) وەکو زەکات وەربگرم، ودینارێک لە هەر (نامسوڵمانێک) کە باڵغ بووبێت وەربگرم (وەکو سەرانە -جزیە-)، یان هاوتای -ئەو دینارە- لە جل وبەرگدا

لە موعازی کوڕی جەبەلەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- منی نارد بۆ یەمەن، فەرمانی پێمکرد کە: لە هەر سی مانگایەک؛ (گوێرەیەکی یەک ساڵ -زیاتر-) یان (مانگایەکی یەک ساڵ -زیاتر-)، ولە هەر چل مانگایەک؛ (مانگایەکی دوو ساڵ -زیاتر-) وەکو زەکات وەربگرم، ودینارێک لە هەر (نامسوڵمانێک) کە باڵغ بووبێت وەربگرم (وەکو سەرانە -جزیە-)، یان هاوتای -ئەو دینارە- لە جل وبەرگدا».

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە - نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

موعاز -ڕەزای خوای لێبێت- دەیگێڕێتەوە کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کاتێک وەکو فەرماڕەوا -ئەمیر- ناردی بۆ سەر یەمەن بۆئەوەی زەکات کۆ بکاتەوە، فەرمانی پێکرد سەبارەت بە زەکاتی مانگا: لە سی مانگا؛ یەک مانگای یەک ساڵ -یان زیاتر- یان یەک گوێرەکەی یەک ساڵ -یان زیاتر- وەکو زەکات وەربگرێت، ولە چل مانگا؛ یەک مانگای دوو ساڵ -یان زیاتر- وەکو زەکات وەربگرێت. ودینارێک لە ئاڵتون وەربگرێت لە هەر نامسوڵمانێک کە باڵغ بووبێت وەکو سەرانە -جزیە-، وئەمیش هەژار ودەوڵەمەند دەگرێتەوە، ومەبەست یەک دیناری ئاڵتون لە ساڵێکدا. بەڵام جزیە -سەرانە- بڕیار لەسەردانی دەگەڕێتەوە بۆ ئیجتیهادی -کۆشش کردنی- فەرمانڕەوا -ئیمام-، ئەمیش جیاوازە بە پێی شوێن وکات، وهەژار ودەوڵەمەند، وبەڵگەش لەسەر ئەمە ئەوەیە کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- خۆی ئەم بڕەی دیاریکرد لەسەر خەڵکی یەمەن، بە موعاز فەرمووی: (خذ من كل حالم دينارًا) واتە: (لە هەموو باڵغێک؛ دینارێک وەربگرە -وەکو سەرانە:جزیە-)، بەڵام جزیە زیادی کرد بە پێی لێکدانەوەی ئیمامی عومەر -ڕەزای خوای لێبێت- کاتێک سەبارەتی بڕیاریدا لەسەر خەڵکی شام.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/64632